کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
28-9-2007 0:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-9-27- سوید

**من واهەستەکەم سەدام حوسێن، نەمردووە!!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

ئەگەر بێتو چاوێک بەمێژودا بگێڕین و هەڵوەستەیێک بکەین، ئەبینین، کەسانی ناودار زۆرن، کەتوانیویانە جێ پێی خۆیان بکەنەوە لەسەر ئاستی دەسەڵاتداو، پایەو پلەیێکی وایان بەدەست هێناوە، کەکاری گەرێیکی تەواوی لەسەر کۆمەڵگا دروست کردووە، ئیتر ئەگەر بەباش بوبێت، یان بەخەراپ، بۆ مە بەستەکەی من گرینگ نیە. مەبەستی من لێرەدا، ئاماژەکردنە بەوەی لەدوای نەمانیان چۆن ناویان ئەهێندرێت؟ ئاشکرایە ئەوکەڵە پیاوانەی کەبیرۆکەی جوان و کرداری خزمەت گوزاری جوانیان لەپاش خۆیان بەجێ هێشتووە، بەتایبەت لەخزمەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابونە، بە مردو نازمێردرێن و، هەر لەناو دڵی کۆمەڵگاکاندا ئەژێن و هەتاهەتایە هەر خۆشەویستن و



سودبەخشن. دیارە ئەوکەسایەتیانەی کە بەدڕەوشتو، دیکتاتۆرو، نالەباریش بونە، بەپێچەوانەی ئەوکەڵە پیاوە خۆشەویستانە، لەهەمو بوارێکدا، لەنەفرەت لێکردن زیاتر، هێچی تریان بۆ نامێنێتەوە! بەڵام ئایە بەمردویێکی گۆڕ بەگۆڕ چو ئەژمیردرێن؟!! دیارە من باس لەمێژوی جیهانێ ناکەم کە هەمو نوسەرێکی تێدا نقوم ئەبێت، بۆیێ من تەنها باس لەو ناوچەیە ئەکەم کەنەتەوەکەمی تیدا جێگیر بووەو، تێکەڵاوی چەند نەتەوەیێکی تری بووە. باس لە دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانی وولاتەکەم ئەکەم، کەلەتورکو فارس و عەرەب پێکهاتون!! ئاشکرایە، کەناودارترین دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست، بەتایبەت بەرانبەر بەگەلی کورد، شای ئێران و ئەتاتورک و حافز ئەسەدو سەدام حوسێن بونە! دیارە ئەمانە هەمویان کۆچیان کردووەو، خوابەکردەوەی خۆیان لەگەڵ بکات. ئاشکرایە شای ئێران یەکجار وون بوو، چووە زبڵدانی مێژووەوەو، هیچی لەپاش بەجێ نەما!! بەڵام ئەمانی تر، هەرچەندە کەخۆیان وون بون، بەڵام بیرۆکەو، نەخشەو، پیلانەکانیان بەرامبەر بەگەلی کوردهەرماوەو ئەتوانین بڵێن نەمردون!! دیارە لێرەدا، ئەوەی مەبەستی منە، زیاتر سەدام حوسێنە! هەرکەسێک، کەسەیری فەرمان ڕەوایی ئەوماوە دورو درێژەی سەدام بکات، کە چ نەخشەو پیلانێکی گەڵاوی کێشاوە بۆ، پاکتاو کردنی ڕەگەزی گەلی کوردو، چ نەهامەتی و ماڵوێرانیێکی بەسەرکوردستاندا هێناوە، ئەگەربێتو زۆر بەجوانی دیکیومێنتەکان نەبینێت، بەبیستن بڕواناکات!! چونکە بەهیچ پێوەرێک بە هەڵوێستی مرۆڤی سەدەی بیستەم ناچیت!! بەڵام لێرەدا پرسیار دروست ئەبێت و ئەبێت بیکەم! ئایە هیچ کوردێک سەدام حوسێنی بینی لەسەرشۆقلۆگوند بڕوخێنێ؟ ئایە کەسێک سەدامی بینی لەفڕۆکەداو ژەهراو بڕژێنێ؟ کەس سەدامی بینی پەتێک بخاتە ملی کوردێکەوەو، بی خنکێنێ؟! کەس بینی بەسەر دەبابەیێکەوەو، منداڵی ساواو، ئافرە تو، ژنانی دوگیان و، پیرو پەک کەوتەو، لاوو، گەنجانی کورد بەنێرو مێوە، بەناوی ئەفالەوە، وەک ئەوەی کورد کافربیت، فەرهودی بکات و تاکو ئێستاش بێ سەرو شوێنو، بێ دیاری کردنی چارەنوس، ماونەتەوە! بەدڵنیاییشەوە ئەڵێم، کە بەهەزاران عەرەب هەیە لەچارە نوسیان ئاگادارە، بەڵام لەدارودەستە بەدفەڕەکەی ڕژێمە داروخاوەکەی بەعسن و ئاشکرای ناکەن. بەدەستو بازوی کێ ئەو تاوانە جینۆ سایدە ئەنجام درا؟!! سەدام خۆی بو، یادارودەستەکەی؟؟ بەڵێ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، کەسەدام تەنها نەخشە وپیلان داڕێژەرو، بڕیاردەربووە، بەڵام ئەنجامدەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-9-2007 0:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دارو دەستە بەکرێگیراوو، ڕەگەز پەرستە عەرەبەکان بونە، کەئێستاش ئەو مۆرکە بەناچەوانیانەوە دیارەو، هەڵسوکەوتیان هەمان هەڵسوکەوتە! کەواتە سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەبیت زۆر بەهەستیاریەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات! بایەخ بەوماچو موچو، دەست خستنەسەرشانانە نەدات، کەبەناو براعەرەبەکانی وەحدەو حوریەی دوێنی کەلەدەرگاوە دەرکرانە دەری و، دواتر لەپەنجەرەوە، بەعابای نیشتمان پەروەریەت و ئیسلامیەت و عەلمانیەت و دیموکراتیەتەوە هاتنەوە ژورەوە!! خاڵێک لەزیرەکی سەدام حوسێن ئەوەبو، پێش روخانی بەچەند ڕۆژێک، کەهەستی کرد کار لەکارترازاو دۆڕاندی، ئامۆژگاری دامو دەزگاکانی (موخابەرات، و ئەمنو، هەتیوەکانی وەک ڕێکخستنەکانی بەعسی کرد، کەلەپاش روخان، خۆیان تێکەڵاوی لایەنە ئاینی و ڕێکخراوە سیاسیە نیشتمان پەروەرەکان بکەن و، لەوێوە درێژە بە تێکۆشان بدەن، کەئەوە دوا ئامۆژگاریبو، بۆ هاوبیرەکانی!! ئەوا دەریش کەوت کەلەسەدا سەد سەر کەوتوبو!! ئەگەر لەسەرەتای روخانی ئەو ڕژێمە بۆگەنە، گورگەکان لەپێستی مەڕدا خۆیان نیشان ئەدا، ئەوە هەر لەپاش ئەوەی جێگە پێی خۆیان کردەوە، لەناو پارتە سیاسیەکان و، ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکاندا، وەبەتایبەت لەسەر ئاستی دەزگا حکومیەکاندا، بەتایبەت وەک ناوەندە بڕیار دەرەکان، وەکو پەرلەمان و وەزارەتە گرینگە کان، زۆر بەئاشکراو بەزەقی، بەرهەڵستی ئامانجو مافە سروشتیە ڕەواکانی گەلی کوردئەکەن! زۆربەداخەوەکە ئەڵێم ئەوەی زیاترجێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کەکاری گەرییان لەسەرلایەنە میانڕەوەکانیش دروست کردووە!! بۆ نمونە، بەکردەوە هەڵوێستی دوکتۆر ئەیاد عەلاوی و دکتۆر ئیبراهیم جەعفەریمان بینی و وەئێستاش هەمان هەڵوێستیان هەیەو گومانی تێدا نیە!! بەڵام دیارە بەڕێز نوری مالکیش هیچ جیاوازێکی لێ بەدی ناکرێ کەلەوان باشتربێت، تەنها ئەوەیە بارودۆخەکە گۆڕاوەو بواری ئەوەی پێنادات کەبەکراوەیی خۆی پێشان بدات، ئەگینا خۆ ئەگەر ئەوێش لە سەرەتای دەست بەکار بونی، خۆی لێ گێل نەکردایە، ئێستا زۆر لە خاڵە گرینگەکانی کە کێشەی نارەوایان لەسەرە، بەتایبەت مادەی 140، کەمادەیێکی دەستوریە، جێگیر بوبون و کۆتاییان پێ هاتبو. بەڵام وەک ئەڵێن ڕیش بو بەتوشەوە ئەبێت شانەی بۆ هەڵگری، ئەویش کەباری کەوتە لێژی چاری نەماو هەڵوێستی خۆی گۆڕی!! بەڵام خۆ ئەگەر سەیری هەڵوێستی بەرەی (تەوافق) بکەین ئەوە شتێک نیە نکوڵی لێ بکرێت، کە هەمان دارو دەستەکەی سەدامن و بەئاشکراو ڕاشکاوانە داکۆکی لەهەڵویست و نەخشەو پیلانە گەڵاوەکانی ئەکەن کەدای ڕشتبو بۆ پاکتاو گردنی ڕەگەزی کورد!! بەڵام دیارە بەهۆی نەبونی هێزو دەسەڵاتەوە، ئەمان بەشێوازێکی ترو، بەسود وەرگرتن لەلایە نە عەلمانیەکان و ئیسلامیەکانەوە، لەژێر پەردەی دیموکراتیەت و فیدرالیەت و یەکپارچەیی خاکی ئێراقدا، زۆر بەکراوەیی هەنگاو ئەنێن. لەوانەش سەیرترئەوەیە، کەزۆر بەشێوازێکی ژیرانە، هەوڵی دروست کردنەوەی جاشو کرێگرتە ئەدەنەوە!! بۆ نمونە ماوەیێک پێش ئێستا ئاشکرابو لەدەرەوەی وولات کۆبونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵێک جاش و کرێگرتەی ئیسلامیداکرد، بۆپێک هێنانی بەرەیێکی ئاشکرا، بەڵام لەبەرلاوازیان سەری نەگرت! لەلاییێکی ترەوە ئیستا هەوڵی ئەوە ئەدەن لەناو پەرلەماندا بەهۆی چەند خۆ فرۆشێکی کوردەوە، کەبەداخەوە لەڕێگەی بەرەکانی تری عەرەبیەوە توانیویانە شەرەفی ئەندام پەرلەمانی بەدەست بهێنن، کەدور نیە هەر لەسەرەتاوە بۆ دژایەتی بەرەی هاوپەیمانی کوردستان نەهێندرابێتن، گروپی دژ بەبەرژەوەندە یاساییەکانی کوردستان دروست بکەن!! دیارە ئەوە شتێکی شاراوە نیە، لەناو هەمو ملەتێکدا واباوە، کەسێک لەبەرەی نەتەوەکەی خۆیدا بچێتەدەرەوەو دژایەتیشی بکات، لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، ناو ئەبرێ بەجاش، واتە هیچ سەنگێکی لەبواری سیاسیدا نامێنێ!! بەهەمان شێوەش لەناوگەلی عەرەبیشدا، ڕستەیێک هەیە ئەڵێت (من انکره اٍیله فهو نغل) بەهەر حاڵ دیارە مەبەستەکەی من لێیرەدا ئاماژە کردنە بەهەڵوێستی هاوبەشە عەرەبە کانمانەوە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەهەڵوێستێکی ناڕاستەو خزمەت نەبەخۆیان و نەبەگەلی عەرەب ناگەیێنێت!! کێشەی کورد، نەبەخۆشی ئەوان و نە بەرژەمەندی ئەوانە، گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر هەستیار، ئەبێت بیری داگیرکاری و، بەزۆر پێکەوە لکان لەبیرخۆیان دەربکەن، ئەگەر ئەیانەوێت، وەک دوهاوبەش لەژێر چەترێکدا پێکەوە بژین، ئەبێت هەڵوێستی ڕاست ودروست وەربگرن. هەروەک ئەبینن ئەمڕۆکە کورد خاوەن سەرکردایەتێکی ئەوەندە لێهاتوو دڵسۆزوسیاسەت مەدارە، زۆر دورە لەوەوە، نەیاران گرەوی لێ ببەنەوە!! هەر لایەنێکی سیاسی لەناوەو، دەرەوەی

ئێراق، ئەگەر گوێ بیستی هەڵوێستی نەگۆڕی سەرۆکی کوردستان، مەسعودبارزانی بیت و چاوی ئەو پێشکەوتنە سیاسی و ئیداریانە ببینێت، بێگومان ئەگەر خۆی گێل نەکات ئەبێت لەوەبگات، بەپەڵەکە هەوری چڵکن بەر تیشکی خۆر ناگیرێت!! بەڵێ ڕاستە، من کەسەیری هەڵوێستی لایەنی عەرەبی ئەکەم لەسستی نواندن، بەرانبەر بەجێگیر کردنی مادە یاسای و دەستوریەکانی کەلەبەرژەوەندی کوردستاندان، هەروا شالاو هینانی خیزانی عەرەب بەنهێنیەوە، بۆناوشاری کەرکوک! کەئاشکرایە دەستێکی زۆر تواناداری لەپشتەوە هەیە، وام لێ ئەکات کە هەست بەوە بکەم کەسەدام حوسین ماوە، چونکە بونی سەدام حوسێن لەبیرۆکەکەیدا زیان بەخش بو بۆ من، ئێستاش کەکار لەسەر بیرۆکەکەی بکرێ، لای من وەک ئەوە وایە، کە ماوەو زیندووە ئەبێت لەناو ببرێت!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.